# كۆ شیعری (لاواندنەوەی خۆڵەمێش) ی (تەیب جەبار) لە بەر تیشكی شێوازگەری ئاماریدا

## توێژینەوەیەكی وەسفی - شیكارییە

**ID No. 304**

(PP 303 - 311)

https://doi.org/10.21271/zjhs.26.6.17

**كەژاڵ عبدالقادر عثمان**

بەشی بەروبوومی كێڵگەیی و ڕووەكە پزیشكییەكان، كۆلێژی زانستە ئەندازیارییە كشتوكاڵییەكان، زانكۆی سەڵاحەددین-هەولێر

Kazhal.othman@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2022/05/15**

**پەسندكردن : 2022/08/11**

**بڵاوكردنەوە : 2022/12/25**

**پوختە**

لەم توێژینەوەیەدا تیشك خراوەتە سەر شێوازو شێوازگەری ئەمانە چین و چۆن دروست دەبن و چ گرینگییەكیان هەیە لە لێكۆڵینەوەی دەقی ئەدەبی بە تایبەتی دەقی شیعریدا . ئینجا كۆ شیعری (لاواندنەوەی خۆڵەمیش)ی (تەیب جەبار)ی پێ ڕوون كراوەتەوە. هەروەها لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی (شێوازگەری ئاماری) كراوە ، كە ئامانج لێی بەهۆی ئامارەوە ڕێژەی فرمان و شێوازی دەربڕینەكانی شاعیر لەم كۆشیعرەیدا دیاریكردووە ، چونكە بە لێكۆڵینەوە لە شیعری هەر شاعیرێك لە بواری شێوازگەری ئامارییەوە شێوازی بەرهەمەكانیان لە ڕووی (چەندێتی) یەوە بۆ دەردەكەوێت ، كە ئەمەش گرینگی تایبەتی خۆی هەیە لە نێودەقی ئەدەبیدا .

**وشە سەرەكییەكان:** شێواز، شێوازگەری، ئامار ، تەیب جەبار ، لاواندنەوەی خۆڵەمێش .

**1- پێشەكی :**

**_ هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە**

هۆكاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە تاكو ئێستا هیچ توێژینەوەیەكی ئەكادیمی لە سەر ئەم بابەتە واتا شێوازگەری ئاماری بەجیا نەكراوە .

**_ پرسیاری توێژینەوەكە**

ئەم توێژینەوەیە سێ پرسیاری جەوهەری لە خۆ دەگرێت كە ئەویش ئەمانەی خوارەوەن:-

* ئاماری چ دەكەین ؟

*ئامارەكە چۆن دەكەین؟

*لە بەرچی ئامارەكە دەكەین؟

توێژینەوەكە وەڵامی ئەم سێ پرسیارەی داوەتەوە.

**_ ڕێبازی توێژینەوەكە**

ئاشكرایە كە لەم توێژینەوەیەدا پەیڕەوی (ڕێبازی وەسفی شیكاری) كراوە.

**_ ئامانجی توێژینەوەكە**

بەهۆی ئامارەوە ڕێژەی فرمان و شێوازی دەربڕینەكانی شاعیر لەم كۆشیعرەیدا دیارییكەین .

**_ گیرو گرفتی توێژینەوەكە**

سوپاس بۆ خوا هیچ گیرو گرفتێكی ئەوتۆ نەهاتە پێش كە شیاوی باس كردن بێت .

**_ ناوەڕۆكی توێژینەوەكە**

ئـەم توێژینەوەیـە پێكهـاتووە لـە پێشـەكییەك و دەروازەیـەك و دووبـەش ، لـە كۆتایشـدا ئـەنجام و سـەرچاوەكان خراونەتـە ڕوو.

بەشی یەكـەم :- تیۆرییـە لـە ژێـر ناونیشـانی (پوختەیـەك لـەبارەی شـێوازدایە ) ، تیایـدا باسـی هەنـدێك لایـەنی پەیوەندیـدار بـە شـێوازكراوە ، ئـەم بەشـە لـە سـێ تـەوەر پێكهـاتووە ئەمانـەی خـوارەوە دەگرێـتەخۆ :-( شـێواز لـە ڕووە وشـەیی ، شـێواز لەڕووی زاراوەیی، شێوازی ئەدەبی ، شێوازگەری ئاماری ).

بەشی دووەم:- لایـەنی پراكتیكـی دەگرێـتەوە لـە چوارتـەوەر پێكهـاتووە وە لـە تەوەرەكانیشـدا پێناسـەو نموونـەی هەنـدێك لـە شـێوازەكانی دیوانەكەیـدا خراوەتـەڕوو ، وەك ( شـێوازی ئێخبـاری ، شـێوازی دانـانی ، شـێوازی داخـوازی ، شـێوازی پـرس) ئینجـا ئامـاری تـەواوی دیوانەكـەی شـاعیر كـراوە بـۆ ئـەوەی بـزانین شـاعیر چەنـد جـۆر شێوازی لـە تـەواوی شیعرەكانی خۆیدا بەكار هێناوەو كامیان بە ڕێژەیەكی زۆرتر شیعری پێ نوسراوە .

-لـە كۆتاییشـدا گـرینگترین ئـەو ئەنجامانـەمان خسـتۆتە ڕوو كـە لـەم لێكۆڵینەوەیـەدا پێیـان گەیشـتووین وە لـە شـەش خـاڵ كورتكراوەتەوە.

**2- دەروازەیەك لەبارەی شاعیرو ئەم كۆمەڵە شیعرەی**

نـاوی تـەواوی شـاعیر(تەیب جـەبار)ە و لەسـاڵی (1954) لـە كـەركوك لـە دایـك بـووە ،سـەبارەت بـە خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی هـەر لـە كـەركوك تـەواو كـردووە ، دواتـریش هەرلەسـاڵی (1976) كـۆلێژی ئەنـدازەی سـلێمانی تـەواو دەكـات و فەرمانبـەر دەبێـت لـە ڕێگاوبـانی سـلێمانی. تـەیب جـەبار یەكێكـە لـەو شـاعیرانەی كـە دەمێكـە هـاوڕێی كتێـب و خوێندنـەوەو نوسـینە، سـەرەتای دەستپێكردنیشـی لـە نوسـینی دەقـی شـیعری ئـەوا دەگەڕێـتەوە بـۆ سـەرەتای حـەفتاكان. سـەبارەت بـە دیوانەكەشـی (لاواندنـەوەی خۆڵـەمێش) كـە پێكهـاتووە لـە (90) لاپـەڕە، یەكێكـە لـە بڵاوكراوەكـانی چاپخانـەی كـاردۆ لـە سـلێمانی چـاپی یەكـەم لـە سـاڵی 2008 بـە چـاپ گەیانـدووە. ئـەم دیوانـە شـیعرییە (11) كۆمەڵـە شـیعر لـە خـۆ دەگرێـت ، بەناونیشـانەكانی (تەقینـەوەی زامێكـی خـەوتوو) ،(كرێـوەی هـەورێكی تێنـوو) ، (تەپـەڵوو) ، (داسـتانی شـتێكی تـر) ،(هـۆنراوەی وەرزی خـەون )، (--------------- )، (بەسـتەی چـاوەڕوانی) ، (نامەیـەك بـۆ ڕەشـەبا) ، (سروودی دوا ڕۆژ) ،( لاواندنـەوەی خۆڵـەمێش) ،( سـلێمانی ). ئەگـەر سـەیرێكی نـاوەرۆكی هەریـەك لـەو دەقـە شـیعریانە بكـەین ، دەبینـین (یـاخی بـوون) بەشـی زۆری شـیعرەكانی داگیركـردووە وەك یـاخی بـوون لـە دەسـەڵات بـە هـەموو جۆرەكانییـەوە ، دەسـەڵاتی كۆمەڵایـەتی و ئیـداری و یـاخی بـوون لـە كۆنـە پەرستی و هەوڵـدان بـۆ دەربـازبوون و گەیشـتن بـە بیـرو كـرداری نـوێ لـە زۆربـەی شـیعرەكانیدا بـە دیـدەكرێت ، ئەمـەش ئـەوە دەگـەینێت كـە شـاعیر نوێخـوازەو حـەزی بـە پێشـكەوتن و ئـازادی و سەربەستی مافی مرۆڤ و كۆمەڵگایە.

**3- چەمك و پێناسەی شێواز**

**1.3 شێواز لە ڕووی وشەیی**

وشـەی شـێواز دەگەڕێـتەوە بـۆ وشـەی (Style)ی ڕۆژئـاوایی ئـەم وشـەیە لـە بنەڕەتـدا لـە وشـەی لاتینـی (Style) وەرگیـراوە كـە مانـای ئـامرازی نوسـین یـاخود پێنـوس دەگـەینێت ، پاشـان بـۆ هونـەری بیناسـازی و شـێوەكاری بـەكارهات ، دواتـریش چـووە نێـو بوارەكـانی لێكۆڵینـەوەی ئـەدەبی تـاكو مانـای خـۆی وەرگـرت لـەو كاتـەی (میشـێل بـالی) فەڕەنسـی وەك ڕێبازێـك بـۆ شـێوازو شـێوازگەری بـەكاریهێنا. ( المسـدی، 1982، 146) . نەتـەوەكانی وەك (عـەرەب و فـارس) یـش وشـەی شـێوازیان بـە واتـا و نـاوی جیـاواز بـە كارهێنـاوە :- بۆنموونـە لای عەرەبـەكان وشـەی (الاسـلوب) لـە فەرهـەنگی (لسـان العـرب) دا وا هـاتووە كـە" لـە مـادەی (سـلب) وەرگیـراوە بـە مانـای ڕیـزی دارخورمـا ، یـان ڕێگایـەكی ڕاسـت یـان شێوازی قسـەكردن دێـت " (منضـور، بـلا تـاریخ ،17) لـە زمـان و ئـەدەبی ڕۆژهەڵاتیشـدا بـە "(سـبك) نـاسراوە بـە تایبـەت لای ئێـران و ئـەفغانی و هیندییـەكان" ( ئەحمـەد، ، 2007 ، 5) . وە لـە فەرهەنگـە كوردییـە كانیشـدا وشـەی شـێواز چەنـدین واتـای هەیـە لـە فەرهـەنگی (هەنبانـە بۆرینـە)ی هـەژاردا بـە واتـای (شـكل ، تـەرح، ڕاهـاتن ، هیـئن وقیافـە) هـاتووە (موكریـانی، 1362،502 ) وە لـە فەرهـەنگی (كوردسـتان) ی گیـوی موكریانیـدا بـە واتـای " شـێوە ، سـەلاریی ، شـەرم، ئـەدەب" هـاتووە (موكریـانی، 2000 ، 653) هـەروەها لـە فەرهـەنگی (ئەسـتێرە گەشـە) ی فازیـل نزامـەددین دا بـە واتـای "ڕێگـا ، شـێوە ، دەق " هـاتووە (نیزامـەدین، 1989، 362) . ئەگـەر بێـت و سـەیری مێـژووی ئـەدیبی كـوردی بكـەین دەبینـین "تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم هـەر وشـەی (الاسـلوب) ی عـەرەبی بـۆ ئـەم چەمكـە بـە كـار هـاتووە ، بـەڵام دوای هەڵمـەتی پاك تاوكردنی زمـانی كـوردی

بەتایبــەتی باشــوری کوردســتان وشــەی شــێواز جێگــەی وشــەی عەرەبییەکــەی گرتۆتــەوە" (احمــد ، 2002 ، 16) . ئێســتاش وشــەی شــێواز لای کــورد ئاشــنایە بــە بــەراورد لــە گــەڵ ڕابــردوو ، چونکــە شــێواز و شــێوازگەری وەك بابــەتێك لــە پرۆگرامــی زانکۆ دا هەیە و دەخوێندرێت.

## 2.3 شێواز لەڕووی زاراوەیی

شــێواز وەکــو زاراوە ئاســان نییــە پێناســەیەکی دیــاریکراوی بۆبکرێــت ، چونکــە بــە پێــی ســەردەمە جیــا جیــا کــان لــە کەســێکەوە بــۆ کــە ســێکیترو لــە میلەتێکــەوە بــۆ میللــە تێکیتــر گــەلێك پێناســەی جــۆراو جــۆرو جیــاواز بــۆ شــێواز هــەن ، کــە بوونەتــە هــۆی جیاوازی تێڕوانین لـە دەوری شـێواز (ڕەشـید، 2005 ، 5) بۆیـە تـاکو ئێسـتا زیـاتر لـە پێناسـەیەکی بـۆ کـراوەو جگـە لەمـەش "بـۆ هــەربوارێك لــە بوارەکــانی ڕەخنــەی ئــەدەبی ،زانســتی ،هونــەری، بــۆ هــەر دەســتەواژەیەك ، کــە بــۆ هــەر بابــەت ، یــان بوارێــك بگونجێــت بــۆی بــەکاردەهێنرێت و جــۆرە پێناســەیەکی تایبــەتی بــۆ دەکرێــت ، بــە جۆرێــك کــە مــۆرك و ســیمای ئــەو بــوارەی پێــوە دیاربێــت " (حســێن، 2008 ،8 ) هــەر بۆیــەش دەبینــین نوســەران کاتێــك کتێبێــك دەربــارەی شــێواز دەنوســن لــە ســەرەتای کتێبەکەیانــدا کۆمــەڵێك پێناســەی جــۆراو جــۆرو جیــاواز بــۆ شــێواز دەنوســن ئێمــەش لــەم ڕوانگەیــەوە چەنــد پێناسەیەك دەخەینەڕوو :-

(بیرجیــرۆ ) دەڵــێ:- "شــێواز ڕێگایەکــە بــۆ دەربــڕین لــە بیــر" (عیاشــی، 1990، 37) بــەڵام (ڕیڤــاتیر) پێــی وایــە لــە شــێوازدا هەنــدێك ڕەگــەزی قســەکردن لــە وانیتــر زیــاتر دەردەکــەون " شــێواز بریتییــە لــە دەرخســتنی هەنــدێك لــە ڕەگــەزەکانی قسـەکردن و هانـدانی خوێنـەر بـۆ ئاگـاداربوون لێیـان ، بـە جۆرێـك ئەگـەر بـێ ئاگـابوو ئـەوا دەقەکـە دەشـێوێ ئەگـەر هـاتوو دەقەکـەی شـی کـردەوە ئـەوە چەنـدین مانـای دیـارو تایبـەتی دەبێـت " (ئەحمـەد، 2007،23) (ڕومـان یاکبسـون) یـش دەڵێـت " شــێواز پردێکــی گەینــەرە لــە نێــوان زمانــەوانی و ئــەدەب " (المســدی، 1982، 23) بــەڵام (صــلاح فضــل ) دەڵێــت باشــترین پێناسە بـۆ شـێواز ئـەو پێناسـەیە (جیـراو) ی قوتـابی (بـالی) کردوویـەتی کـە دەڵێـت شـێواز ڕوخسـاری قسـەیە کـە دەبێتە هـۆی هــەڵبژاردنی چەنــد وەســیلەیەکی تعبیــر کــەوا سروشــت و مەبەســتەکانی تــاکی قســەکەر یــاخود نوســەر دەســت نیشــان دەکــات (فضـل، 1985، 11) کـەچی (شـارل بـالی) کاتێـك نەزەریەکـەی خـۆی لـە سـەر شـێواز و شـێوازگەری داهێنـا پێـی وابـوو کـە شێواز تایبەتە بە بەکارهێنانی سادەی زمان ( النحوی، 1999، 157)

لە کـۆی هـەموو ئـەو پێناسانەدا دەتـوانین بڵێـین : شـێواز بریتییـە لـە دەربڕینـی بیـری نوسـەرێك یـاخود کەسـێك چ لـە ڕێگـای قســەکردنەوە بێــت یــاخود نوســین ، چونکــە هــەموو مرۆڤێــك لــە کــاتی نوســین و قســەکردن و تەنانــەت هەڵســوکەوتیش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە بەو هۆیەشەوە دەتوانین شێوازی قسەکەر یاخود نوسەر بناسین.

## 3.3 شێوازی ئەدەبی

مەبەست لـە شـێوازی ئـەدەبی ئەوەیـە کـە نوسـەرێك لـە نوسـەران لـە دەقـەکانیادا یـا لـە دەقێکـی دیاریکراودا دەیگرێتە بـەر و لــە کــاتی خوێندنــەوە و لێکدانــەوەی ، بەرهەمەکــەی دەردەکــەێت ، ئــەم کــارەش وا دەکــات چیرۆکنــوس یــا ڕۆمــاننوس یــا هــەر نوســەرێکیتر لــەو بــوارەی کــە تێیــدا دەنوســێت ناســنامەیەکی تایبــەت بــەخۆی هــەبێت . (ئەبوبــەکر، 2008، 104). کەواتــە شــێوازی ئــەدەبی کاریگــەری و ڕەنگدانــەوەی خــودی نوســەرە هــەر بۆیــەش دەڵــێن بەرهــەمی ئــەدەبی ئاوێنــەی کەســیەتی نوســـەرە " شـــێوازی ئـــەدەبی واتایـــەکی فراوانـــی هەیـــە هـــەموو ئـــەدەبیات و جۆرەکـــانی ئـــەدەبی دەگرێـــتە خـــۆی و جیاوازییــەکانی لــە گــەڵ شــێوازی ئاســایی و زانســتی بــە دیــار دەخــات " (احمــد، 2002 ،23) شــێوازی ئــەدەبی خــاوەنی کۆمــەڵێك تایبەتمەندییــە بــە بــەراورد لەگــەڵ شــێوازی زانســتی چونکــە شــێوازی ئــەدەبی پشــت بــە عاتیفــەو هــەڵچوون دەبەســتێت بۆیــە دەتــوانین بڵێــین شــێوازی ئــەدەبی زمــانی ســۆزدارییە ، کــەچی شــێوازی زانســتی زمــانی ئەقڵــە، هــەروەها مەبەســتی شــێوازی ئــەدەبی کاریگــەری و هەڵچوونــە لــە دەرونــی خوێنــەران و گــوێگران ئــەویش بــەهۆی بــەها ســتاتیکییەکان وەك وێنـــەی خـــەیاڵی و وشـــە مۆســـیقییەکان (شـــایب، 1998، 59) لەمـــەوە بۆمـــان دەردەکـــەێت کـــە شـــێوازی ئـــەدەبی گرینگییــەکی بــەرچاوی هەیــە لــە ناســینەوەی بەرهــەمی نوســەران بەمــەش خوێنــەر لــەکاتی خوێندنــەوەی هــەر بەرهــەمێکی ئەدەبیدا ، دەتوانێت خاوەنی یاخود نوسەری بەرهەمەکە بناسێتەوە.

## 4.3 شێوازگەری ئاماری

شـێوازی ئامـاری بریتییـە لـەو زانسـتەی کـە لـە لادان دەکۆڵێـتەوە ، یـاخود لادانـە لـە نموونەیـەکی ئاخـاوتن کـە بـە پێـوەر دادەنرێـت ، وە بـە بـەراوردکردنی لـە گـەڵ دەقـە پێچەوانەکـە شـێوازی دەقەکـە دەردەکـەوێت مـەرجی سـەرەکیش لـەم بەراوردکردنـە هاوشـێوەیی نێوانیانـە (مصـلوح، بـلا تـاریخ ، 106) لـەم پێناسـەیەدا ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەێت ،کـە دەبێـت دەربـڕاوە بنەڕەتەکـە بـزانین بـۆ ئـەوەی بـتوانین قیاسـی دەربـڕاوە پێچەوانەکـە بکـەین. یـەکێك لـە هۆکـارە سـەرەکییەکانی بـەکارهێنانی لێکۆڵینـەوەی شـێوازی ئامـاری هەوڵدانـە بـۆ شـیکردنەوەی زیـاتر زانسـتی و بابـەتی بۆیـە ژمارەیـەك لـە شێوازناسـانی سـاڵانی ڕابـردوو ڕێگـەی (چەنـدیی ) یـان بـەکارهێنا لـە لێکۆڵینـەوەی شـێوازی ئامـاری ئـەویش بـە بـەکارهێنانی ئـامرازی تایبـەت بـۆ شـیکردنەوەی ئامـاری وردی ئـەو لایەنانـەی کـە لـە دەقـە جـۆراو جۆرەکانـدا شـایانی ئامـارن. (ناضـم ، 2002 ، 48).

پێوانەی چەندی یاخود شیکاری ئاماری لە شێوازناسیدا لەم بوارانەی خوارەوەدا بەکاردێت :-

1. بەکارهێنانی ڕێژەی فەرهەنگی دیاریکراو.
2. ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ پێکهاتەی زمان (کار، ئاوەڵکار، ئاوەڵناو.......).
3. ڕێژەی کورت ودرێژی وشەکان .
4. ڕێژەی کورت ودرێژی ڕستەکان.
5. ڕێـژەی ڕسـتەکان ( ڕسـتەی نـاوی ،ڕسـتەی کـاری، ڕسـتەی سـادە، ڕسـتەی لێکـدراو، ڕسـتەی ڕاگەیانـدن، ڕسـتەی دانانی....).
6. ڕێژەی هونەرەکانی ڕەوانبێژی (خوازە ، خواستن....) (المصلوح، 1980،18- 19 )

بۆ لێکۆڵینـەوە لـە بـواری شـێوازی ئاماریـدا هەریـەك لـەم ڕێژانـە پێویسـتن و، وە بـە بـەکارهێنانیان لـە لێکۆڵینـەوەدا شـێوازی بەرهەمـەکانمان لـە ڕووی (چـۆنی) یـەوە بـۆ دەردەکـەوێت. کەواتـە شـێوازگەری ئاماری بەگشـتی "وەسـفێکی ئامـاری بـۆ شـێوازی دەقـەکان دەکـات بـە ئامـانجی دۆزینـەوەی خاسـیەتە جیاوازەکـانی دەق" (سـلیمان، 2004، 76) یـەکێك لـە هاوکێشـە گرینگـەکانی بـواری لێکۆڵینـەوەی شـێوازی ئامـاری هاوکێشـەی زانـای ئـەڵمانی (أ. بـوزیمان) ە (A. Buseman) کـە یەکـەم کـەس بـوو ئـەم ڕێگایـەی دۆزییـەوە ، لـە لێکۆڵینەوەیەکـدا تاقیکردنـەوەی لـە سـەر هەنـدێك دەقـی ئـەدەبی ئـەڵمانی کـردووە لـە سـاڵی (1925) بـڵاوی کـردەوە لـە هاوکێشـەکەیدا هەڵدەسـتێت بـەدیاریکردنی ڕێژەیـەك لـە نێـوان دوو ڕووخسـار لـە ڕووخسـارەکانی گوزارشـت یەکـەمیان (گوزارشـت کـردن لـە ڕووداو) (Active Aspect) ، دووەمیـان (گوزارشـت کـردن لـە وەسـف) (Analitati Aspect) مەبەسـتی بـوزیمانیش لـە یەکـەمیان ئـەو وشـانەن کـە گوزارشـت لـە ڕووداو دەکـەن ، مەبەسـتی دووەمیشـیان ئـەو وشـانەی کـە وەسـفی ناوەکـان دەکـەن (المصـلوح، 1980، 59) بـەڵام زانـای دەروونناسـی ئـەڵمانی (نیوبـاوەر) و( أ شیلتسـمان أوف انیسـبروك) ئـەم هاوکێشـەیان فـراوان کـرد ئـەویش بـە بـەکارهێنانی ژمارەی کـار لـە جیاتی ڕووداو ، وە ژمارەی ئاوەڵناویش لە جیاتی وەسف .

$$\text{ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو} = \frac{\text{ژمارەی کار}}{\text{ژمارەی ئاوەڵناو}}$$

بـە جێبـەجێکردنی هاوکێشـەی بـوزیمان ئامـاری ژمـارەی ئـەو وشـانەی کـە دەکەونـە ژێریـەك جـۆرو ژمـارەی وشـەکانی جـۆری دووەم دەکرێـت ، پاشـان دۆزینـەوەی تێکـڕای دابەشـبوونی کـۆی یەکـەم لەسـەر کـۆی دووەم ، بوونەکـە وەکـو ئاوەڵنـاو بـەرزبوو ئـەوە ئـەوە دەگـەینێت سروشـتی زمـان نـزیکترە بـۆ شـێوازی ئـەدەبی ، بـەڵام ئەگـەر ڕێـژەی ئاوەڵنـاو نـزم بـوو نزیکترە بۆ شێوازی زانستی.

هاوکێشـەی بـوزیمان ئـەو شـێوازانە دیـاری دەکـات کـە ڕێژەیـەکی بـەرزی یـاخود نزمـی هاوکێشـەیان هەیـە بـەم جـۆرەی خوارەوە:-

ئـەم ڕێژەیـە لـە کـارە ئەدەبییـەکانی وەك چیـرۆك، ڕۆمـان شـانۆگەری بـەرزترە وەك لـە کـارە زانسـتییەکان، هـەروەها لـە ئاخاوتنـدا ئـەم ڕێژەیـە بـەرز دەبێـت کـەچی لـە بەرامبـەری لـە نوسـیندا دادەبـەزێت ، وە لـە ڕووی تەمەنیشـەوە بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی نوسـەرێکی گـەنج بـەرزترە لـە بەرهـەمی هـەمان نوسـەر لـەکاتی پیریـدا ، لـە شـیعردا بـەرز دەبێـت وە لـە پەخشان دادەبەزێت ( المصلوح، 1980،67) کەواتە ئەم ڕێژەیە بە پێی جۆری بابەت و تەمەن دەگۆڕێت .

پرۆسـەی لێکۆڵینـەوەی شـێوازی ئامـاری سـودی خـۆی هەیـە لـەوەی یارمـەتیمان دەدات بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەی ئـەدەبێکی تایبـەتیان هەیـە ، بـە تایبـەتیش ئـەو دەقانـەی نوسـەرەکانیان دیـارنین ئەمـە لـە لایـەك ، لـە لایـەکی تـرەوە

یارمـەتیمان دەدات بـۆ دیـاریکردنی مـاوەو مێـژووی نوسـینی ئـەو بەرهەمـە ئەدەبییانـەی کـە تایبەتـە بـە نوسـەرێکی دیـاریکراو جگـە لەمـەش دەبێـتە هـۆی دابـەش بـوونی ڕەگـەزەکانی شـێوازگەری لـە نێـو دەقـی ئـەدەبی . (ناضـم ، 2002، 50) بـەڵام ئەمـە وا ناگـەیێنێت کـە ئـەم پرۆسـە ئامارییـە لـە کـەم وکـوڕی خـاڵی بێـت ، بـەڵکو یـەکێك لـە کـەمو کوڕییـەکانی ئەوەیـە (چەنـدی) بـە پـێش (چـۆنی ) دەخـات لـە کاتێکـدا (چـۆنی)یش گرینگـی خـۆی هەیـە لـە دیـاریکردنی خـاڵی بـەهێزی یـان لاوازی دەقەکـە . هـەروەها گرینگـی نـەدانی لێکۆڵینـەوەی ئامـاری بـە کاریگـەری سـیاق هۆکـارێکی تـرە کـە ئەمـەش وای لـە لێکۆڵـەرەوان کـرد تـەکنیکی سـیاقی بـەراورد بـەکاربێنن وەك مـەرجێکی سـەرەکی لـە ژماردنـە شـێوازگەرییەکانی ئامـاری ،سـەر بـاری ئەمانـەش شـێوازی ئامـاری لایەنـە جوانـەکانی دەقـی ئـەدەبی ئاشـکرا ناکـات وەك ئیقاعـە سـۆزدارییەکانی کاریگـەرە مۆسـیقییەکان ..... (سـلیمان، 2007 ، 24) بەمـەش خوێنـەر چێژێکـی جوانناسـی لـە خوێندنـەوەی پرۆسـەکانی شـێوازگەری ئامـاری وەرنـاگرێ ، بـەڵام لەگـەڵ ئەمانەشـدا پرۆسـەی ئاماری گرینگی خـۆی لـە دەسـت نـەداوە بـەڵکو پێویسـتییەکی گرینگـە و زۆر جـاریش لـە کاروبـاردا بەکاریـدێنن ، چونکـە لێکۆڵینـەوەی ئامـاری دەتگەیێـتە ئـەنجامێکی ڕاسـت و دروسـت بـەبێ ئـەوەی خوێنـەر بڕیـاری لەسـەر بـدات .” گرینگـی شـێوازگەری ئامـاری پشـت بەسـتنە بـە ڕێبـازێکی زانسـتیانەی ورد کـە تـەنها ژمـاردن نییـە ، بـەڵکو ئـامرازێکی کاریگـەرە بـۆ پوختکردنـەوەی ڕێسـاکان بەمەبەسـتی گەیشـتن بـە شـێوازێکی ڕاسـت و دروسـت ” ( دریـس ، 2018 ، 229) هـەروەها ئاوەڵنـاو وەسـف بەرهـەم دێنێـت " وەسـفیش بـە واتـا ئەدەبییەکـەی واتـا وێنـەگرتنی شـتە هەسـتی و واتاییـەکان بـە زمـان جگـە لـەوەش کـە وەسـف بەهایـەکی هونـەری هەیـە ، لـە دەقـە ئەدەبییـەکانی شـیعرو پەخشـانیش دەردەکـەوێ و دەچێـتە خانـەی دروسـتکردنی هونـەرە ئەدەبییـەکانی دیکـەی وەکـو ڕۆمـان وگەشـتنامەو نامـە و....هـتد" (شـایب، 1998،103) ئەگـەر بێـت و سـەیری نامـە ئەکادیمییـەکان و لێکۆڵینـەوە کوردییکـان بکـەین سـەرەڕای ئـەوەی شـێوازگەری ئامـاری گرینگـی تایبـەتی خـۆی هەیـە لـە نێـو دەقـی ئەدەبیـدا ، کـەچی دەبینـین گرینگـی کـەمتری پێـدراوە بـە بەراورد بە جۆرەکانی تری شێوازگەری .

**4. هەندێك لە شێوازەکانی کۆ شیعری (لاواندنەوەی خۆڵەمێش)**

**1.4 پێناسەو نمونەی هەندێك لە شێوازەکان**

**1-شێوازی خەبەری**

شێوازی ئەو فرمانەیە کە لە ڕستەدا خەبەر لە کاری کەسێك یاخود شتێك دەدات ، ئەویش سێ جۆری هەیە ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، ناتەواو . نموونە:

| |
|---|
| لەکاروانی بێ ئاڵادا |
| ئاڵای یاخیبوون هەڵدەکەن ( جبار، 2008 ، 29 ) |

شێوازی ئەم دێرە شیعرە شێوازێکی خەبەرییە ، فرمانەکەشی (هەڵدەکەن) ە ڕانەبردووی ئیخباری ، ئەرێ.

| |
|---|
| لە کەژاوەی هۆنراوەدا گێژیان کردی (جبار، 2008 ، 41) |

شێوازێکی خەبەرییە ، فرمانەکەشی (کرد) ە ، ڕابردووی نزیکی ئیخباری ،ئەرێ.

| |
|---|
| ڕۆژێ دادێ |
| گڕی بەهار |
| بەردەبێتە شارو لادێ (جبار، 2008، 63) |

شێوازی ئەم کۆپلەیە شێوازێکی خەبەرییە ، فرمانەکەشی فرمانی ناتەواوی( دەبێت )ە بۆ کاتی داهاتوو.

| |
|---|
| تائێستا کێڵگەی باوەڕ ناکێڵێ (جبار، 2008 ، 67) |

شێوازی خەبەرییە و فرمانەکەی فرمانی (ناکێڵێ) ی ڕانەبردووی ئیخباری ، نەرێ

| |
|---|
| دەڕۆم و مردن پاسەوانی شەقامە (جبار، 2008 ، 46) |

شێوازی ئەم شیعرە خەبەرییە و فرمانەکە فرمانی (ە) ی ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا .

| |
|---|
| نیوەڕۆ بوو |
| تەپەڵووی مات و ئێسك سوك |

| |
|---|
| تەپەڵوی جوان و شەنگ وەك بووك ( جبار، 2008، 35 ) |

فرمانی ئەم کۆپلە شیعرە (بوو) ی ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو.

**2-شێوازی ئینشائی**

شێوازێکە کە فرمانەکەی لە ڕستەدا لە شێوەی گومان ،ئاوات، خۆزگەدا دەبێت نموونە:-

| |
|---|
| حەزدەکەم خرمەی شەستە بارانێ |
| بە ئاگام بێنێ |
| نەك لە بەرنمەدا بتوێمەوە ( جبار، 2008، 74 ) |

شێوازی ئەم کۆپلەیە شێوازێکی ئینشائییە ، فرمانەکەشی (بێنێ) ،(بتوێمەوە) ڕانەبردووی ئینشائی ، ئەرێ.

| |
|---|
| دەتوانن ئەستێرەکانم پێ بژمێرن |
| دەتوانن ڕووبەری زەویم پێ بپێون (جبار، 2008 ، 45) |

شێوازی ئەم فرمانە شێوازێکی ئینشائییە ، (پێ بژمێرن) ، (پێ بپێون) ڕانەبردووی ئینشائی ، ئەرێ.

| |
|---|
| شەو نەما هۆنراوەیەکی ناتەواوت بۆ دانەنێم (جبار، 2008 ، 37 ) |

شێوازی ئەم شیعرە شێوازێکی ئینشائییە ، فرمانەکەشی (دانەنێم ) ڕانەبردووی ئینشائی . نەرێ.

| |
|---|
| چونکە من فێرنیم |
| وەك تۆ لە تەنکاوا مەلە بکەم (جبار، 2008، 81) |

شێوازی ئەم دێرە شیعرە شێوازێکی ئینشائییە و فرمانەکەشی (بکەم) ە ڕانەبردووی ئینشائی ئەرێ.

**3-شێوازی فرمانی (داخوازی)**

شێوازی ئەم فرمانەیە کە لە ڕستەدا داوا لە یەکێك دەکرێت ، کە کارێك بە ئەنجام بگەیێنێت ،یا نەهی لێبکات ، ئەویش بەشێوازی ئەمر یا داخوازی دەبێت بۆنموونە

| |
|---|
| جارێکیتر گوێ شل مەکەن |
| بۆدەنگ و باسی کۆشکەکان (جبار، 2008 ، 57 ) |
| ڕێگاو بانەکان بەر مەدەن |
| با نەبن بە دزە ڕێی خێو (جبار، 2008 ، 60) |

لەم دوو نموونانەی سەرەوە هەریەك لە فرمانەکانی (مەکەن ، بەرمەدەن) شێوازی داخوازینە بۆ کەسی دووەمی کۆ بە شێوازی نەرێ بەکارهاتوون .

| |
|---|
| کاکی برا دوو دڵ مەبە |
| لە ڕەوتی قۆناغ و پەیام (جبار، 2008 ، 59 ) |

شێوازی ئەم دێرە شیعرە شێوازی داخوازیە و فرمانەکەشی (مەبە) یە بۆ کەسی دووەمی تاك ، بەشێوەی نەرێ بەکارهاتووە.

| |
|---|
| هەرشەقامی پان و بەرین |
| دەنگی پاڕانەوە ببڕن (جبار، 2008 ، 62) |

شێوازی داخوازییە ، فرمانەکەی (ببڕن)ە بۆ کەسی دووەمی کۆ بە شێوەی ئەرێ بەکارهاتووە.

**4- شێوازی پرس**

شێوازیکە کە بەهۆی جێناوی پرسەوە دەردەبڕێت بۆ زانینی مەبەستی قسەکەر ئەویش بەهۆی جێناوی پرسیارکردن ( بۆ ، کێ ، چی ، کەی ، لەکوێ...)

| |
|---|
| بۆ لە لوتكەی ئازارا بەندین ؟ (جبار، 2008 ، 17) |

شێوازی ئەم نیوە دێرە شێوازێكی پرسیارییە ، بە هۆی جێناوی پرسیاركردنی (بۆ ).

| |
|---|
| كوانێ ماڵەكەم ؟ |
| ئەم هەوارە بۆ بۆتە شەپۆڵێكی بێ سەرو شوێن ؟ (جبار، 2008 ، 77) |

شێوازی ئەم دێرە شیعرە ، شێوازیكی پرسیارییە بە هۆی جێناوی پرسیاركردنی (كوانی) ،(بۆ) .

| |
|---|
| كوانێ ئەو شیعرەی دەردوو خەمی تۆی پێ ئاشكرابێ (جبار، 2008 ، 89) |
| چۆن لە گەڵتابم |
| تۆ پێشوازی لە هیچ هەورێك ناكەی (جبار، 2008 ، 67) |
| تاكەی لە ڕۆخی سێیەمی ئەم ڕووبارە پیاسە بكەم (جبار، 2008 ، 77 ) |

شێوازی ئەم كۆپلە شیعرە شێوازێكی پرسیارین ئەویش بەهۆی جێناوەكانی پرسیاركردنی (كوانێ ، چۆن ، كەی) كە هەریەك لەم جێناوانە پرسیار لە شتێك دەكەن .

**دوای سەر ژمێریمان بۆ سەرجەمی ئەو شێوازانەی كە شاعیر لەم دیوانەیدا بەكاریهێناوە ئەمانەی خوارەوەمان بۆ دەركەوت:-**

فرمانی ڕابردووی خەبەری (ئەرێ) : 14 جار بەكارهاتووە.

فرمانی ڕابردووی خەبەری (نەرێ) : 7

فرمانی ڕانەبردووی خەبەری (ئەرێ) : 162

فرمانی ڕانەبردووی خەبەری (نەرێ) : 20

فرمانی ناتەواوی خەبەری (ئەرێ) : 49

فرمانی ڕانەبردووی ئینشائی (ئەرێ) : 192

فرمانی ڕانەبردووی ئینشائی (نەرێ) : 7

شێوازی داخوازی (ئەرێ) : 18

شێوازی داخوازی (نەرێ) : 14

شێوازی پرس : 28

| ژمارە | شێواز | جۆر | ئەرێ | نەرێ | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1- | خەبەری | ڕابردوو: 21 | 14 | 7 | 252 |
| | | ڕانەبردوو : 182 | 162 | 20 | |
| | | ناتەواو : 49 | 49 | - | |
| 2- | ئینشائی | ڕابردوو : - | - | - | - |
| | | ڕانەبردوو : 199 | 192 | 7 | 199 |
| 3- | داخوازی | - | 18 | 14 | 32 |
| 4- | پرس | - | - | - | 28 |

**ئەنجام**

بەڵێ وردبوونەوە لەو خشتەیەی سەروو کە سەرجەم شێوازەکانی ئەم شاعیرە (تەیب جەبار) دەخەنە ڕوو دەگەینە چەند ئەنجامێك لەمانەی خوارەوەیان کورت دەکەینەوە:-

1-شێوازی خەبەری لە هەموو شێوازەکان زۆرتر شیعری پێ نووسراوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر کەسێکە حەز دەکات بەرهەمەکانی بە شێوەیەك پێش کەش بکات و خوێنەر واتێبگەینێت ئەو شتانەی دەیانڵێت ڕاستەقینەن چونکە خەبەرن ئەو بە تەنیا دەیانگێڕێتەوە جا ئەو خەبەرانە ئێستا ڕوویاندا بێت یان لە ڕابردوودا یان لە ڕانەبردوو ڕوودەن.

2-شێوازی خەبەرە ڕانەبردووەکان سێ بە قەد هەردوو شێوازی خەبەری ناتەواوی ئێستاو ڕابردووە ئەمەش شێوازێکە زیاتر ڕۆژنامەگەری ئیشی پێدەکات ، فەلسەفەکەی لەوەدا بەرجەستە دەبێت خەبەرنوس دەیەوێت خوێنەر ڕابکێشێت بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە چونکە شێوازی ڕانەبردوو لە گەیاندنی خەبەردا جۆرە گەرم وگوڕییەك دروست دەکات کە لە ڕاستی دا ئێستا و ڕابردوو بۆ گەیاندنی خەبەر ئەو گەرم و گوڕییەیان وەکو شێوازی ڕانەبردوو نییە.

3-بەم زۆر بەکارهێنانی شێوازی ڕانەبردووی خەبەری لە لایەکیتر ئەوە دەگەینێت کە شاعیر ناتوانێت ئەوەی خەبەری لە بارەیەوە دەدات دڵنیابێت لە ڕوودانی بەڵکو خۆیی وخوێنەر لە چاوەڕوانی دا دیڵێتەوە بۆ بە واقیع بوونی خەبەرەکە ئەمەش ئەگەری ڕوودانی خەبەرەکەشی بۆ دروست دەبی و لە وانەیە خەبەرەکە هەر ڕوونەدات.

4- شێوازی ئینشائی لەم بەرهەمەی شاعیردا تەنها ڕانەبردووی گرتۆتەوە لە (199) شوێن دا پەنای بۆ بردووەو بە کاریهێناوە ئەمەیان زیاتر گومان و ئەگەر زەق دەکاتەوە و ئەوە دەگەینێ کە شاعیر بە پێشکەشکردنی فیکری خۆیدا یان لە بۆچوونی بۆ پێشهات و واقیعەکان ڕوون نییەو نازانێت ئایا ئەوەی دەیڵێت بە کوێ دەگات . لە لایەکی دیکەوە ئەوەش دەردەخات کە شاعیر لە خۆزگەو خەوندا خۆیی و خوێنەرانی بێڵێتەوە بەمەش ئارامی دەروونی درووست نابێت .

5-شێوازی فرمانی تەنها (32) جار پەنای بۆ براوە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شاعیر لەوانە نییە خوێنەر ناچار بکات بۆ پابەند بوون بە بۆچوونەکانی خۆی بەڵکو دەیەوێت بە شێوازێکی دیکەی خەبەری یان ئینشائی یا پرس خوێنەر وا لێبکات خۆی بڕیاری ئەوە بدات چی بکات وچی نەکات .

6-هەرچی شێوازی پرسە لە هەموو ئەم دیوانەدا (28) جار تەوزیف کراوە شێوازی پرسیش زۆرجار بۆ تەفسیرکردن و ڕوون کردنەوەی باس لێکراو دێت واتا دەبێتە شێوازێکی مەجازی ، چونکە لە وانەیە خەبەرێك بگەینێت یا نەفییەك بکات بەمە لە پرسیاری دروست دەترازێ کە داوای وەڵام دەکات ، ئەمەش شێوازێکی ئەدەبییە و زۆر بەکارهێنانی بۆ مەبەستی جۆراو جۆر دەقی ئەدەبی بەهێزو بە پێز دەکات.

**لیستی سەرچاوەکان:**


1. ئەبوبەکر، شیاو رشید ، 2008، شێواز لە ڕۆمانی( دواهەمین هەناری دونیا)دا - نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر .
2. ئەحمەد ، پەخشان عەلی ،2007، شێوازی شیعری گۆران -نامەی ماستەر ،زانکۆی کۆیە.
3. احمد، شعبان شعبان ، 2002، شێوازی شیعری جزیری - نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر .
4. المسدی, عبدالسلام ، 1982 ، الاسلوبیة والاسلوب ،الدار العربیة للکتاب ، الطبعة الثانیة.
5. النحوی، عدنان علی رضا، 1999، الاسلوب والاسلوبیة بین العلمانیة والادب الملتزم بالإسلام، المملکة العربیة السعودیة ، دار النحوی للنشر والتوزیع ، الطبعة الاولی ، الریاض .
6. جبار, تەیب، 2008، لاواندنەوەی خۆڵەمێش ، چاپخانەی کاردۆ ، چاپی یەکەم ، سلێمانی .
7. حسێن، جەمیلە ئەحمەد، 2008 ، شێوازی وتار لە ڕۆژنامەی کوردیدا، نامەی ماستەر ، زانکۆی کۆیە .
8. دریس, سامیه بن، 2018 ، الاسلوبیه الاحصائیه لدی سعد مصلوح، مجله العلوم الانسانیه .
9. صالح ، سەلیم رەشید ، 2005، شێواز لە کورتە چیرۆکی نوێی کوردی ساڵانی نێوان 1980-1990 ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، سلێمانی .
10. سلیمان، فتح الله احمد، 2004 ، ( الاسلوبیة مدخل نضری ودراسة تطبیقیة) ، مکتبه الاداب ، القاهرة .
11. سلیمان, محمد ، 2007 ، ضواهر الاسلوبیة فی شعر ممدوح عدوان ،دار الیازوری للنشر والتوزیع عمان - الاردن .
12. شایب ، احمد ، 1998، الاسلوب (دراسه بلاغیه تحلیلیه لاصول الاسالیب الادبیه) ،مکتبه النهضة المصریة ، الطبعة الثامنه ، المصر.
13. عیاشی، مندر، 1990 ، مقالات فی الاسلوبیة ، منشورات اتحاد الکتاب العرب ، الطبعة الاولی ، دیمشق .
14. فضل، صلاح، 1985 ، علم الاسلوب مبادئه واجراءاته، دارالافاق الجدیدة ، الطبعة الاولی ، بیروت .
15. مصلوح، سعد، 1980، الاسلوب (دراسه لغویة احصائیة ) ، دار البحوث العلمیة ، الطبعة الاولی ، الکویت .

16. مصلوح، سعد، الدراسة الاحصائية للاسلوب، (بحث فی المفهوم ولاجراء الوضيفة) مجله عالم الفكر م2 ، عدد3 .
17. منضور، ابن ، مادة (سلب) ، لسان العرب ، دار لسان العرب ، بيروت .
18. موكريانی، كيو، 2000 ، فەرهەنگی كوردستان،(كوردی -كوردی ) دەزگای ئاراس ، هەولێر .
19. موكريانی، هەژار، 1369، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، (كوردی -فارسی ) بەرگی یەكەم ، تهران .
20. ناضم، حسن، 2002 ، البنى الاسلوبية ( دراسة فی انشودة المطر للسياب) ، دار البيضاء ، الطبعة الاولى ، المغرب .
21. نیزامەدین، فازل، 1989 ، فەرهەنگی ئەستێرە گەشە،( كوردی -عەرەبی ) مطبعة الفنون ، دار الكتب والوثائق ، بغداد.


## المجموعة الشعرية (لاواندنەوەی خۆڵەمێش) فی ضوء منهج الاسلوبية الاحصائية


**كزال عبدالقادر عثمان**

كلية علوم الهندسة الزراعية – قسم محاصيل الحقلية و النباتات الطبية / جامعة صلاح الدين-اربيل

Kazhal.othman@su.edu.krd



**ملخص**

في هـذا البحـث سـلطنا الضـوء عـلى الأسـلوب والأسـلوبية مـن حيـث الماهيـة وكيفيـة ظهورهـا وأهميتهـا في النصـوص الأدبيـة بشـكل عـام والنصـوص الشـعرية بشـكل خـاص ، ثـم وضـحنا مـن خلالهـا المجموعـة الشـعرية ( لاواندنـەوةی خولـةميش ) لطيـب جبـار ، وقـد اعتمـد البحـث عـلى مـنهج الأسـلوبية الإحصـائية بهـدف إبـراز الأفعـال والأسـاليب التعبيريـة للشـاعر في مجموعتـه الشـعرية . لانـه مـن خـلال البحـث في مجـال الاسـلوبية الإحصـائية لاسـلوب أي شـاعر مـن الشـعراء يتبـين لنـا نوعيـة الأسـاليب في أعمالهـم . وهـذا لاشـك فيـه لـه أهميتـه الخاصـة بـين النصـوص الأدبية .



**كلمات الرئيسية**: الأسلوب، الأسلوبية، الإحصاء ، طيب جبار ، لاواندنەوةی خولةميش .


## A statistical stylistic study of collected poems of (Lawandnaway kholamesh) by Tayeeb Jabbar


**Kazhal Abdulqader Othman**

Colleg of Agricultural Engineering Sciences, Department of Field Crop and Medicinal Plants, Salahaddin University-Erbil

Kazhal.othman@su.edu.krd



**Abstract**

This study is an attempt to focus on the style and stylistics. It tries to explore what are they and how they are made and what is their importance in analyzing literary texts especially poetic texts. The collected poems of (Lawandnaway kholamesh) by Tayeeb Jabbar is analyzed using these stylistic devices. Also, the statistical stylistics is followed in this paper. The aim of the poet is to show the statistics, the range of types of verbs and styles of the collected poems. Studying any literary work of any poet through using statistical styles, demonstrates the types of poems in terms of quantity. Thus, this has a great significance in any literary work.



**Keywords:** Style, Stylistics, Statistic, Tayeeb Jabbar, Lawandnaway kholamesh.